# له چلەی ماتەمینی رەوانشاد

# (نەوشیروان مستەفا)دا

٢٠١٧/٧/١

وتاری

بورهان أ. یاسین، بەم بۆنەیەوە، لە شاری یۆتۆبۆری – سوید

٢٠١٧/٧/١

**خوشک و برایان سڵاوتان لێبێت، بەخێر بێن بۆ چلەی ماتەمینی کاک نەوشیروان مستەفا. . .**

_____________________

**بەڕێزان**، زۆر جار ئێمە لە یادە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا کۆدەبینەوە بۆ ئەوەی هەندێ ڕووداو و سەربووردەی وڵات و گەلەکەمان بەرزڕاگرین. ئەم یادەی ئەمڕۆ لە کاک نەوشیروان جیاوازە و بە هەموو مانایەکی وشەش مێژووییە: لە ڕاستیدا لە سێ ڕەهەندەوە مێژووییە، لە ڕەهەندی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێدا. . .
**لە دوێنێدا**، ساڵانێکی زۆر, کاک نەوشیروان هەڵگری مەشخڵی خۆڕاگری و شۆڕش بوو، بە تایبەتی و بە جەختکردنەوە خۆڕاگری لە ڕۆژانێکی سەختی خەباتدا، کاتێک کە ڕژێمی بەعس بڕیاری بنبڕکردنی کوردی دابوو، دواتریش، لە شێوازی خەباتێکی نوێدا، بە بەرزکردنەوەی مۆمی بونیادنان و گۆڕانکاری؛ **لە ڕەهەندی ئەمڕۆشدا** دەبینین کە کۆچی دوایی ئەم سەرکردەیە جگە لە جۆشوخرۆشێکی جەماوەری بێ هاوتا، ئەزمونی باشووری کوردستانیشی خستۆتە پێش تاقیکردنەوە؛ **لە ڕەهەندی داهاتووشدا**، گومانی تیا نییە کە بۆ ساڵانێکی زۆر هزر و ئەندێشە و جیهانبینییەکانی کاک نەوشیروان، نەک هەر لە ئاستی بزاڤی گۆڕان و باشووری کوردستان، بەڵکو تەنانەت لە ئاستی تەواوی کوردستانی مەزنیش، کاریگەری خۆیان دەبێت. . .
لە ڕاستیدا جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر بڵێین کە زۆرێک لە گەورەییەکانی نەوشیروان مستەفا لە دوای کۆچی دوایی ئەو سەرکردەیە دەرکەوتن، وە تەنانەت لە داهاتووشدا زیاتریش دەردەکەون.

بەڕێزان،
زۆر کەمن ئەو سەرکردانە، بگرە لە ئاستی جیهانیشدا کەمن، کە وەک کاک نەوشیروان ئەم هەموو خەسلەتانە لە خۆیاندا کۆبکەنەوە. . . هەمەلایەنی و پڕ توانایی ئەو سەرکردەیە لە کۆمەڵێک بواردا گەورەیی و گرنگیی ئەو سەرکردەیە پشتڕاست دەکاتەوە. . .

نەوشیروان مستەفا لە هەمان کات و ساتدا، رۆژنامەنووس، مێژوونووس، سیاسەتزان، سەرکردەی سەربازی، عەقڵ و فەلسەفەی دەوڵەتداری، رخنەگری ئەدەبی, ستراتیژزان و زۆر تایبەتمەندی تری لە خۆیدا کۆکردبوویەوە.

لە جیهانی ئەکادیمیا و زانستدا، زۆرجار بۆ تێگەیشتنی باشتر لە دیاردەکان، پەنا بۆ بەراورد دەبەین: لەو کەسایەتییانەی کە لە جیهاندا بە هەندێ تایبەتمەندییەوە دەرکەوتوون، زۆرجار ناوی وینستن چرچل و مەهاتما گاندی و نیلسۆن ماندێلا دێت: نەوشیروان مستەفا وەک وینستن چرچڵ لە گەرمەی شەڕ و پێکداداندا لە لایەکەوە تفەنگ بەدەست و سەرگەرمی دانان و جێبەجێکردنی پلانی سەربازی بووە، بەڵام لە لایەکی تریشەوە بە گرنگییەوە لە قوڵایی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و نووسیندا بووە. . . ئاخر هەر وەک چۆن چرچڵ لە جەنگی دوومی جیهانیدا لە لایەکەوە سەرکردەی جەنگە، ئەوهاش خەریکی نووسینی یەکێک لە شاکارەکانییەتی دەربارەی جەنگی دووهەمی جیهانی؛ هەر ئەوهاش نەوشیروان مستەفا لە لایەکەوە سەرکردەیە لە جەنگێکی ناهاوتادا، بەڵام لە لایەکی ترەوە خەریکی بەرهەمهێنای هزر و فکرە: لە راستیدا دەتوانین بڵێین هەردوو سەرکردە لە هەمان کاتدا مێژوو دروست دەکەن بەڵام مێژووش دەنووسنەوە. . . **ئەوان کردەی مێژوویین؛ شاهیدی مێژوون؛ و مێژوونووسیشن. . .**

وەک مەهاتما گاندی، نەوشیروان مستەفا، بە تایبەتی لە دوای سەرپێخستنی بزاڤی گۆڕان، باوەری تەواوی بە **خەباتی مەدەنی** هەبوو، وە تەنانەت بەشێکیش لە سەرکەوتوویی ئەزموونی بزاڤی گۆڕان بۆ ئەم جۆرە لە خەبات دەگەڕێتەوە. **لە خەباتی مەدەنی و فەلسەفەی نازەبر و زەنگدا** نەک هەر تفنگەکان بێدەنگن و قسە ناکەن، بەڵکو لە بری تفەنگ و زەبر و زەنگ هێزی مۆڕاڵ و لۆژیک و باوەڕپێهێنان قسە دەکات. . .

بەرهەم و دەرەنجامێکی ئەم جۆرە لە خەبات گۆڕانکارییە لە ئەندێشە و جیهانبینی کەسەکاندا، واتە گۆڕان لە ناخی مرۆڤەکاندا بۆ باوەڕبوون بە جیهانێک کە تیایدا تفەنگ قسە ناکات بەڵکو هێزی مۆڕاڵ و پرەنسیپ قسە دەکات و حەکەمە؛

ئەوی تر (واتە بەرامبەرەکەی) ناسڕێتەوە، بەلکو بە هێزی مۆراڵ گۆڕانکاری بەسەردا دێت . . .

نەوشیروان مستەفا وەک نیلسۆن ماندێلا باوەڕی بە **نەفەسی درێژ** بوو لە خەباتدا. لە راستیدا لەسەر حکمەی نەفەسی درێژ ماندێلا و گاندیش کۆکن.

لەسەر ئەم باوەڕە، واتە نەفەسی درێژ لەخەباتدا، بەردەوام نەوشیروان مستەفا جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە بزاڤی گۆڕان باوەڕی بە کودەتا و گۆڕانکاری کتوپڕ نییە، بەڵکو باوەڕی بە گۆڕانکارییێکی لەسەر خۆی هەمەلایەن هەیە، کە تیایدا نەفەسی درێژ زامنی گۆڕانکاریی ریشەییە لە ئەندێشە و جیهانبینی کەسەکاندا. . . وەک نیلسۆن ماندێلا، کاک نەوشیروان بەردەوام جەختی لەوە کردۆتەوە کە ئامرازی گەیشتن بە ئامانجەکان تۆڵەسەندنەوە لە کەس و لایەن نییە، وە مەبەستیش نییە لە پرۆسەی گۆڕانکاریدا کەس و لایەن بسڕێنەوە. **تەنانەت لە پرۆسەیەکی ئەوهادا**، لە پاپۆڕەکەی نیلسۆن مەندێللادا جێگای هەموو رەگەزەکان (رەش، سپی... وە هەموو ئەوانی تر) دەبێتەوە، وەک چۆن لە شەمەندەفەری کاروانی گۆڕانکاری نەوشیروان مستەفادا، دەبێ جێگای هەموان ببێتەوە؛ تەنانەت بەوانەشی کە هەڵەن لە هەڵوێستەکیانیاندا، بە هیوای ئەوەی کە لە پرۆسەیەکی مرۆیی و گۆڕانکاریدا دەرفەتی راستکردنەوەی هەڵەکانیان هەبێت. . . ئاخر هەر وەک چۆن هەڵەکردن حاڵەتێکی مرۆییە، هەر ئەوهاش راستکردنەوەی هەڵە پرۆسەیەکی مرۆییە. . .

لە جیهانبینی نەوشیرواندا نەتەوە کەسی لێ زێدە نییە و کەسیش پەراوێز ناخرێ، بەڵکو لە فەزای نەتەوەدا جێگای هەموان پارێزراوە: بچوک و مەزن؛ نەوەی نوێ و نەوەی کۆن؛ کچ و کوڕ؛ ژن و پیاو؛ شاری و لادێیی؛ دار و نەدار؛ دینی و عەلمانی و . . . **هتد**.

ئەوە ئەم ئەندێشە فراوانە و باوەشە کراوەیەیە کە نەوشیروان باوەڕی پێی هەبوو، نەک تەنها وەک بنەمایەک بۆ ئاشتی کۆمەڵایەتی و فەراهەمکردنی گۆڕانکاری لە ئەمڕۆی کوردستاندا، بەڵکو وەک بنەمایەکیش بۆ **دەوڵەتی نیشتمانی**

**هەموان، نەک دەوڵەتی ئەو کەس یا ئەم کەسە؛ ئەو گروپ یا ئەم گروپە. . . دیدگای نەوشیروان لە نەتەوە و پرۆژەی نەتەوەسازی ئەوە بوو کە نەتەوە ئازاد نییە کاتێک تاکەکانی ئەم نەتەوەیە ئازاد نین، بە واتایەکی دیکە ئازادی نەتەوەیەک لە کۆی ئازادییەکانی هەموو تاکەکان پێک دێت: بە مانایەکی تر، ناکرێ ئێمە باس لە ئازادی نەتەوە بکەین کاتێک تاکەکانی نەتەوە ئازاد نەبن. . . کەواتە سەربەخۆیی نەتەوە بەبێ ئازادی تاکەکان سەربەخۆیی نییە. . .**

**بەڕێزان،**

راستە لە رووی رەسمییەوە نەوشیروان مستەفا ساڵی ٢٠٠٩ گۆڕانی راگەیاند (پێشتر وەک لیست و دواتریش وەک بزاڤێکی جەماوەری بەرفراوان)، بەڵام راستییەکەی ئەو کێشە و خولیا سیاسیی و کۆمەڵایەتییانەی کە بوون بە بنەما بۆ راگەیاندنی گۆڕان هەر لە ١٩٩٢/١٩٩١ەوە دەست پێ دەکەن. . . بە واتایەکی تر هەر لە دوای شکستی عێراق لە کوەیت، باشووری کوردستان لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بەرەورووی کۆمەڵێک پرسیار بوویەوە:

- **فەرموو ئەو شتەی چەندەها ساڵە خەباتت بۆ ئەکرد بویت بە خاوەنی، کە دەسەڵاتی خۆماڵی خۆتە، بەڵام چۆن ئەو دەسەڵاتە دادەمەزرێنیت؟**
- **فەرموو ئەوە بوویت بە خاوەنی وڵاتێکی وێرێنکراو، بەڵام چۆن ئاوەدانی دەکەیتەوە؟**
- **فەرموو ئەوە بوویت بە خاوەنی ئیرادەی سیاسیی خۆت، بەڵام چۆن ئەو ئیرادەیە رێدەخەیت و دەیخەیتە خزمەت خێر و خۆشی خەڵک؟**
- **فەرموو با ببینین ئایا ئێوەی شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ چۆن دەتوانن لە ئەزموونی نیشتمانسازی و دەسەڵاتسازیدا سەرکەوتووبن؟. . .**

ئەم پرسیارانە و زۆر پرسی تری لەم جۆرە، هەر لە رۆژانی هەوەڵی ئەزمونی کوردیدا، بوون بە خولیای نەوشیروان مستەفا، وە هەر زوو ئەم سەرکردەیە لەم رووەوە نیگەرانییەکانی خۆی نەشاردۆتەوە، بەڵکو بەردەوام لە هەوڵ و خەباتدا بوو بۆ دۆزینەوەی وەڵام بۆ ئەم پرسیارانە. . .

هەر لەو کاتەوە تا ساڵی ٢٠٠٦، واتە تا کاتی بە رەسمی جێهێشتنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، نەوشیروان مستەفا هەوڵیدا ئیشکالاتە پەیوەندیدارەکان بەم پرسیارانەوە لە چوارچێوەی حیزب و لە ڕێگای یەکێتییەوە چارەسەر بکات. . . بەڵام نەکرا، وە ئەو بژاردەیەی کە بۆ ئەم سەرکردەیە مایەوە هەنگاونان بوو بەرەو سەرپێخستنی رەوت و بزووتنەوەیەکی نوێ کە ببێتە ئامراز بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و هەنگاونان بۆ بونیادنانی دەسەڵاتێکی تەندروست: دەسەڵاتی هاوڵاتی؛ دەسەڵاتی سەروەری یاسا؛ کۆمەڵگای ئازاد و یەکسان و دادپەروەر، **کۆمەڵگایەک کە لانی کەمی کەرامەت و شکۆی تاکەکانی تیا پارێزراو بێت.** . .

**بەڕێزان،**

هەر ئەو جیهانبینییە کە دواتریش دەبێتە بنەما و چوارچێوە بۆ دیدی نەوشیروان مستەفا **بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ**. . . ئەو بەردەوام مەترسی ئەوەی هەبوو کە هەر کاتێک کورد لە باشووری کوردستان دەسەڵاتێکی گەندەڵ و شکستخواردو و کڵۆڵی کرد بە بنەما بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ، ئەوا بە ئەگەری زۆر ئەو دەوڵەتە هەر لە سەرتادا شکستخواردو دەبێت وە هەر زوو خەڵکی لەو دەوڵەتە رائەکەن، لە بری ئەوەی رووویتێبکەن؛ تەنانەت بەرەنگاری دەبنەوە لە بری ئەوەی پارێزگاری لێبکەن.

❋ ❋ ❋

هەڵبەتە ئەم دیدە لە دەوڵەت مرۆڤی کوردی بەرەوڕووی دیسکۆرس و گوتارێکی نوێتر لە مەڕ سەربەخۆیی و دەوڵەت و دەوڵەتداری کردەوە. . . بۆ یەکەم جار ئەم گوتارە، بە تایبەتی لە بۆنەی نەورۆزی ٢٠١٢دا، مەسەلەی دەوڵەتی لە دروشم **گۆڕی بە ناوەڕۆک**، ناوەڕۆکێکی پڕ لە رەهەندی گرنگ: **رەهەندی کۆمەڵایەتی؛ ئابووری؛ ئاسایش؛ سیاسی؛ یاسایی؛ جیۆپۆلیتیکی؛ کولتوری** و . . . هتد.

بۆ جاری یەکەم لە گوتاری بەدەوڵەتبووندا، توکمەیی ناوەوە گرنگیی و ئەفزەلییەتی پلە یەکی وەردەگرێ و راشکاوانە بە مرۆڤی کورد دەوترێ "بونیادنان لە ناوەوە دەبێتە بنەما بۆ بەدەستهێنانی دانپیانان لە دەرەوە. هەر ئەو بونیادنانە

تەندروستەی ناوەوە دەتوانێ ببێ بە باشترین زەمانەت بۆ خۆپاراستنێکی باشر لە دوژمنکار بە دەوڵەتی کوردستان لە دەرەوە."

* * *

لە گفتوگۆکاندا دەربارەی گەورەیی نەوشیروان مستەفا پێویستە بە جەختکردنەوەوە باس لە گرنگی بەها بەرزەکانی ئەم مرۆڤە بکەین. یەکێکیش لەو بەها گرنگانە خۆنەویستییە. . .

لە باسی خۆنەویستیشدا زۆر جار باس لە دوو شێواز لە مرۆڤ و سەرکردە دەکرێ: یەکێکیان ئەوەیە دەخوازێ بەر لە هەموو کەس سودمەند بێت، بەڵام دوای هەموو کەس قوربانی بدات؛ بەڵام جۆری دووەمیان ئەوەیە کە ئامادەیە بەر لە هەمووان قوربانی بدات، بەڵام دوای هەمووان سودمەند بێت. . . بەڵام لە بەهای خۆنەویستیدا، نەوشیروان مستەفا هەموو پێوەرێک تێکدەشکێنێ و دەگا بە لوتکەی هەرە بەرزی خۆنەویستی و قوربانیدان، چونکە ئەو نەک هەر ئامادەیە بەر لە هەموو کەس قوربانی بدا و دوای هەمووان سودمەند بێت، بەڵکو ئەم سەرکردەیە بە درێژایی ژیانی ئامادە بووە، وە سەلماندوشیەتی، کە بەر لە هەموو کەس قوربانی بدات، بەڵام بۆ چرکەیەکیش سودمەند نەبێت: **لە دوێنێیەکی دوور بە هەڵگرتنی مەشخەڵی بەرخۆدان وە لە دوێنێیەکی نزیکیشدا بە بەرزکردنەوەی مۆمی رەوشەنکردنەوەی واقیعێکی سیاسی تاریک و مۆمی رووناککردنەوەی رێگای کاروانی گۆڕانکاری و بونیادنان. . .**

ئاخر، بەڕێزان، دەکرێ هەموومان کۆکبین وە لە قەبارەی ئەو تراژیدیا مرۆییەی نەوشیروان مستەفا بگەین، وە لەوێشەوە لە قەبارەی قوربانییەکانی بگەین، کاتێک دەبینین تەنها ماوەیەکی کەم بەر لە کۆچی دوایی خۆی هاوسەر و هاوڕێی ژیان و پشت و پەنای لە خەباتێکی دوور و درێژدا کۆچی دوایی دەکات، کەچی ناتوانێ نە لە ناشتن و نە لە پرسەی ئەم هاوسەر و هاوڕێی خەبات و نزیکترین کەسەیدا بەشداری بکات؛ نەک هەر ئەوە بەڵکو لە دوا چرکەکانی ژیانیشیدا بە هۆی کۆچی دوایی خۆیەوە بێبەشیش دەبێت لەسەردانی گڵکۆکەشی.

* * *

ئەمڕۆ دوای کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا، بە پێچەوانەی زۆر حاڵەتی مێژوویی هاوشێوە، ئەو سەرکردەیە دونیایەک لە دید و جیهانبینی و دووربینی سیاسی دوای خۆی بۆ بزووتنەوەکەی و باشووری کوردستان و کوردستانی مەزن جێهێشتووە. . . پێوەر لە بیری گەورە و مێژوویی و مێژووکرد ئەوەیە کە ئەو بیرە بۆ ماوەیەکی زۆر بە زیندوویی بمێنێتەوە. . . دید و جیهانبینی نەوشیروان مستەفا لەو شێوەیەن، وە دەبێ ئەم حاڵەتە بە پلەی یەکەم جێگای شانازی بێت بۆ هەموو گۆڕانخوازان. . .

به بڕوای خۆم شتێکی هەرە گرنگ کە نەوشیروان دوای خۆی جێیهێشتبێ کۆمەڵێک **بەهای مرۆیی و کۆمەڵایەتیین** لە پێش هەمووشیانەوە خەباتی بەردەوام بۆ **گەڕاندنەوەی مۆڕاڵ و بەها مۆڕاڵییەکان بۆ سیاسەت**، بە تایبەتی لە بابەتی دەوڵەتسازی و نەتەوەسازیدا، لە ژینگەیەکدا کە بە داخەوە مۆڕاڵ خراوەتە بن پێی سیاسەت، کە ئەمەش سەرچاوە سەرەکییەکەی گەندەڵییە لە وڵاتی ئێمە. بەم مانایەش کاتێک مۆڕاڵ دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەت کێشەیەکی سەرەکی گەندەڵی چارەسەر دەبێت. . .

**دەرەنجام ئەگەر ئەم هەموو بەرهەمە هزری و فکریەی کاک نەوشیروان جێی هێشتووە مۆمێک بێت، ئەوا بەها مۆڕاڵییەکانی ئەم سەرکردەیە چراییێکی مەزن و پڕ لە روناکین بۆ نەوەکانی داهاتوو، کە هەرگیز ناکوژێتەوە.**

شەریکی غەمتانم. . .